# ئازارشکێنەکان مەترسی تووشبون بە جەڵتەی دڵ زێد دەکەن

پاش ئەوەی ساڵی رابردوو 2004 چەند توێژینەوەکی گرنگ ئاماژەیان کرد کە ئازارشکێنی ڤیۆکس (Vioxx) دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ و مردن، دەرمانەکە لە دونیادا کۆکرایەوە و لە بازارەکانی جیهاندا نەما .

ئەمساڵیش 2005 چەند توێژینەوەیەکی دی کە لە گۆڤارە پزیشکییەکاندا بڵاوکراوەتەوە ئاماژەدەکەن کە هەردوو ئازارشکێنی (Bextra, Celebra) دەبنە هۆی گیروگرفتی دڵ و جەڵتە لە زۆر وڵاتدا بەکارهێنانیان سنوردارکرا .

لەم رۆژانەدا دەزگای دەرمانسازی ئەمێریکایی FDA رایگەیاند کە هێمای ئاگاداری دەخاتە سەر پاکەتی کۆمەڵە دەرمانی (NSAID, non-steroid antiinflammatory drugs) یەکێك لەوانە دەرمانی ڤۆڵتارێن (voltaren) ە کە نابێت بدرێت بە مرۆڤێك کە نەخۆشی دڵیەتی .

ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵە دەرمانی NSAID دژی سووربونەوە ، ئازارشکاندن و تا نزمکەرەوە بەکاردەهێنرێت .

توێژینەوەکە ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی لە خۆگرتبوو، وەلی ئاماژە بۆ 3 دەرمان دەکات کە بریتین لە :

دەرمانی Vioxx, Ibuprofen, Diclophenac و بەتایبەتیش Voltaren کە مەترسی تووشبوون بە گیروگرفتی دڵ زێد دەکەن ، هاوکات ئاماژەیان کردە کە هەردوو دەرمانی Ipren و Voltaren مەترسی تووشبوون بە جەڵتەی دڵ زێد دەکەن . هەرچەندە دەرمانی Celebra هەمان مەترسی لێدەکرێت وەلی لە چاو ئەوانی دی دا مەترسییەکەی کەمترە .

توێژیارانی ئەمێریکایی ئاماژە بۆ چەند ئازارشکێنی دیش دەکەن کە بریتین لە :

(Indometacin=INdomee) و (Meloxicam=Mobic) .

سەرچاوە

1. www.svd.se © 050610 sidan 6.